# پارشێو بکەن چونکە پارشێوکردن بەرەکەت وپیرۆزی تێدایە

له ئەنەسی کوڕی مالیکەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت:
«پارشێو بکەن چونکە پارشێوکردن بەرەکەت وپیرۆزی تێدایە».
[صەحیحە] [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- فەرماندەکات بە پارشێو کردن، کە بریتیە لە خواردن وخواردنەوە لە کاتی سەحەر (ماوەیەک پێش نوێژی بەیانی)، ئەمیش بۆ خۆ ئامادەکردنە بۆ ڕۆژووگرتن، وباسی دانایی دەکات لەم پارشێو کردنە چونکە بەرەکەت وپیرۆزی تێدایە بۆ سوودی دونیا وقیامەت. لە بەرەکەتەکانی وسوودەکانی پارشێو کردن: - یارمەتیدەرە بۆ پەرستنی خوای گەورە لە ڕۆژدا. - ڕۆژووگر بێتاقەت نابێت لە ڕۆژووگرتن بە بەردەوامی بە پێچەوانەی ئەو کەسەی پارشێو ناکات؛ چونکە تووشی بێزاری وقورسی دەبێت وناتوانێت لە ڕۆژووگرتن بەردەوام بێت. - وەرگرتنی پاداشت بە هۆی شوێنکەوتنی فەرمانی پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- وپێچەوانە کردنی ئەهلی کتێب. - لەوەیە نوێژ بکات وببەخشێت بە ئەو کەسانەی کە پێویستن، ولەوەیە شتێک لە قورئان بخوێنێت ویادی خوای گەورە بکات. - پارشێو کردن پەرستنە (عیبادەتە) ئەگەر نیەتی پەرستنی خوای گەورە وشوێنکەوتنی پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- بێت بەم هەستانە، وخوای گەورە لە شەریعەتەکەیدا دانایی ونهێنی زۆر هەیە. - یارمەتیدەرە بۆ ئەنجامدانی نوێژی بەیانی بۆیە فەرمانکراوە بە دواخستنی پارشێو کردن بۆ ئەوەی ئەو کەسەی پارشێو دەکات نەخەوێتەوە کە لەوەیە نوێژی بەیانی لە دەست بچێت، وئەمەش ڕوویداوە، ئەوانەی ئامادەی نوێژی بەیانی دەبن لە کاتی ڕەمەزاندا ژمارەیان زۆرترە لە پێش ڕەمەزان ئەمیش بە هۆی هەستان بۆ پارشێو کردن.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/4498